# سوود ( ڕیـبـا ) ئەو مامەڵانەشی ڕیبایان تێدایە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

زاگرۆس هەمەوەندی

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ الربا والمعاملات التي تجري فيها الربا ﴾

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# سوود ( ڕیـبا ) ئەو مامەڵانەشی ڕیبایان تێدایە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ئەو خودایەی کە مامەڵە وکڕین وفرۆشتن و بازرگانی راست ودروستی حەڵاڵکردووە، و سوود و ڕیبا و هەموو غەش و خیانەت وفڕوفێڵێکیشی حەرام وقەدەغەکردووە، وەدرودی نەپراوەش بۆسەرگیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى ئەو پێغەمبەرەی کە سەر ڕاسترین کەس بووە لە کڕین و فرشتنیدا تەنانەت لەگەڵ جولەکە و نەیارەکانیشیدا، وە درود وسڵاو بۆ سەر ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێن کەوتوانی هەتا هەتایە.

**یەکەم :** (ربا) لەزمانەوانی وشەرعدا:

(ربا) لەزمانەوانیدا بەمانای زیادەیە وەك قورئان دەفەرموێ : ( فَإِذَا أَنْزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنْبَتَتْ ) {الحج: ٥ } واتە: کاتێ بارانمان باراند بەسەر زەویدا (رووەکی لێ دەروێ ) و دەجولێت و زەوی بەرز دەبێت وگەشە دەکات.

وە (ربا) لەشەرعدا: وەرگرتنی زیاد لەدەستماییە لەهەندێ شتی دیاریکراودا.

کە حەرامە بەدەقی قورئان وسوننەت ویەك دەنگی زانایان.

قورئان دەفەرموێ: ( أَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا ) {البقرة: ٢٧٥}واتە: خوای گەورە فرۆشتن وکرینی حەلاڵ کردووەو ریباو سوودی حەرام کردووە.

لە سوننەتدا: ( عن جَابِرٍ قال لَعَنَ رسول اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) آكِلَ الرِّبَا وموكله وَكَاتِبَهُ وَشَاهِدَيْهِ وقال هُمْ سَوَاءٌ ).{ رواه مسلم (١٥٩٨)}. واتە: جابیری کوری عەبدوڵڵا (رەزای خوای لێ بێ)دەڵێ:(پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نەفرینی کردووە لەسوود خۆرو سوودەر و نووسەرو هەردوو شایەتەکەی وە فەرمووی هەموویان وەك یەکن لەتاوانباریدا).

زانایانی ئیسلامیش یەك دەنگن لەسەر حەرامی سوودو ریبا.

**دووەم:** حوکمەکەی:

ریبا حەرامە بۆ وەرگرو ئەوەش دەیدات بەڵگەی حەرامیش ئەم بەڵگانەیە: خوای گەورە دەفەرموێ: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (٢٧٨) فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِنْ تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَالِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ) {البقرة: ٢٧٨ - ٢٧٩} واتە: ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە لەخوا بترسن وئەو ریبای ماوتانە (لای خەڵك) وازی لێ بێنن ئەگەر خۆتان بەبڕوادار دەزانن جا ئەگەر دەستی لێ هەڵنەگرن کەواتە بزانن وئاگادار بن بەجەنگێك لەلایەن خواو پێغەمبەرەکەیەوە، بەڵام ئەگەر پەشیمان ببنەوە ئەوە تەنها دەستمایەکەتان هی ئێوەیە نە ستەم بکە  لە خەڵکی ونە ستەمتان لێ دەکرێت، وە فەرموودەکەی جابیر گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم) نەفرینی لەسوو خۆرو سوودەر نووسەر شایەتەکان کردو فەرموون هەموویان یەکسانن.

**سێ یەم :** بەشەکانی سوود:

ریبا دوو بەشە : ریبای دواخستن وریبای زیادە.

ریبای دواخستن : ئەو زیادە بەمەرج گیراوەیە کە قەرزدەر لەقەرز وەرگری وەردەگرێت لەبەرانبەری دواکەوتنی قەرزەکەدا.

ئەو جۆرە ریبا بەدەقی قورئان وفەرموودەی پێغەمبەرو ( صلى الله عليه وسلم) یەك دەنگی زانایان حەرامە.

ریبای زیادە : فرۆشتنی پارەیە بەپارەی وەك خۆی یا خۆراك بەخۆراکی وەك خۆی ویەکێکیان لەوەی تریان زیاترە دەست بەدەست وبێ دواکەوتن.

**چوارەم:** ئەو شتانەی ریبای تێدایە:

١ـ ئەم شەش شتەی لەم فەرموودەدا هاتوون ریبایان تێدایە بەیەك دەنگی زانایان:

( عن عُبَادَةَ بن الصَّامِتِ قال قال رسول اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ مِثْلًا بِمِثْلٍ سَوَاءً بِسَوَاءٍ يَدًا بِيَدٍ فإذا اخْتَلَفَتْ هذه الْأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إذا كان يَدًا بِيَدٍ ). رواه مسلم (٨/ ١٥٨٧) واتە: عوبادەی کوری ێامت (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: ئاڵتون بەئاڵتون وزیو بەزیو و گەنم بەگەنم وجۆ بەجۆ وخورما بەخورما وخوێ بەخوێ بەئەندازەی یەك بن ویەکسان بن

ودەست بەدەست، جا ئەگەر ئەم جۆرانە جیاواز بوون ئەوە چۆنتان ویست بیفرۆشن ئەگەر دەست بەدەست بوو.

(عن أبي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) قال لَا تَبِيعُوا الذَّهَبَ بِالذَّهَبِ إلا مِثْلًا بِمِثْلٍ ولا تُشِفُّوا بَعْضَهَا على بَعْضٍ ولا تَبِيعُوا الْوَرِقَ بِالْوَرِقِ إلا مِثْلًا بِمِثْلٍ ولا تَبِيعُوا منها شيئا غَائِبًا بِنَاجِزٍ ). {رواه البخاري (٢١٧٧) و مسلم (١٥٨٤ ، ٧٦/ ١٥٨٤)} واتە:وە ئەبو سەعیدی خودری (رەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: ئاڵتون بەئاڵتون مەفرۆشن مەگەر بە ئەندازەی بن هەندێکی لەهەندێکی زیاد مەکەن وە زیو مەفرۆشن بەزیو مەگەر بەئەندازەی یەك بن وهەندێکی زیاد مەکەن لەهەندێکی ئەوەیان قەرزو نادیارە مەیفرۆشن بە بەحازو بەرچاو تەنها دەست بەدەست نەبێ.

( عن عُمَرَ بن الْخَطَّابِ رضي الله عنه يُخْبِرُ عن رسول اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم) قال الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ رِبًا إلا هَاءَ وَهَاءَ وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ رِبًا إلا هَاءَ وَهَاءَ وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ رِبًا إلا هَاءَ وَهَاءَ). { رواه البخاري (٢١٣٤، ٢١٧٠، ٢١٧٤) و مسلم (١٥٨٦)} واتە: عومەری کوری خەتتاب (رەزای خوای لێ بێ) دەڵێ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: ئاڵتون بەئاڵتون ریبایە مەگەر دەست بەدەست بێت، ئەو بڵێ: بیگرە، ئەمیش بڵێ: بیگرە، زیو بەزیو ریبایە مەگەر بڵێ هانێ ئەمیش بڵێ هانێ وە گەنم بەگەنم ریبایە مەگەر هانێ و هانێ بێت وە جۆ بەجۆ ریبایە مەگەر دەست بەدەست بێ هانێ وهانێ.

٢ـ زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لە بوونی ریبا لەشتی تردا کە لەفەرموودەکەدا باس نەکراوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ راي جياييان لەهۆی (علە) ریبا چییە لەو شتانەدا کە لە فەرموودەکەدا هاتووە.

هۆی ریبا لەئاڵتون وزیودا ئەوەیە کە نرخی بۆ شتومەك وکەلوپەل کەواتە هەرشتێك نرخ بێت بۆ کەلوپەل وەك پارەی ئەمرۆ بەهەموو جۆرەکانیەوە ئەوە ریبای تێدایە وە هۆی چوار شتەکەی تر کە ریبای تێدایە رای بەهێز ئەوەیە کە خواردەمەنین بۆ خەڵك وپێیان دەژین کەواتە هەر خواردەمەنییەکی تریش کە خەڵك پێویستی بێت وبژێوی بێت ریبای تێدا وەك برنج و زەرات ئەگەر ئەو شتانەی تر بەیەکتری فرۆشران دەبێت بەقەدەر یەك بن ودەست بەدەست، هەروەها هەموو جۆرەکانی پارە ئەگەر بەوێنەی خۆیان فرۆشران یا گۆڕانەوە دەبێت بەئەندازەی یەکتر بن ودەست بەدەست بێت.

**پێنجەم:** ئەگەر ئەو شتانەی لە فەرموودەکەی عوبادەی کوری ێامیتدا هاتوون بفرۆشێن بەیەکتری وەك ئاڵتون بەزیو یا ئاڵتون بەخورما یا گەنم بەجۆ، خورما بەگەنم ئەوە دروستە یەکێکیان زیاتر بێت لەوەی تریان بەمەرجێ دەست بەدەست بێت.

( فإذا اخْتَلَفَ فيه الأوْصَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إذا كان يَداً بِيَدٍ ). {رواه مسلم (٨١/ ١٥٨٧)} واتە: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە کۆتایی فەرمودەکەدا فەرمووی: ئەگەر ئەو شتانە (بەیەکتر فرۆشران یەك جۆر نەبوون) جیاواز بوون ئەوە چۆنتان ویست بیفرۆشن ئەگەر دەست بەدەست بوو.

**شەشەم:** نابێ شتێك بەرەگەزی خۆی بفرۆشرێت مەگەر بزانرێت بەقەدەر یەکن:

(عن جَابِرَ بن عبد اللَّهِ قال: نهى رسول اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) عن بَيْعِ الصُّبْرَةِ من التَّمْرِ لَا يُعْلَمُ مَكِيلُهَا بِالْكَيْلِ الْمُسَمَّى من التَّمْرِ).{رواه مسلم (٤٢ / ١٥٣)} واتە: جابیری کوری عەبدوڵلا (رەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) رێگری کردووە لەفرۆشتنی کۆمایە خەرمانێ وخورما کە نەزانرێت پێوانەی چەندە بەخورمایەکی پێوانەکراو.

**حەوتەم:** فرۆشتنی عەرایا رێگەی پێدراوە:

عەرایا: کرینی خورمای تازە پێگەیشتووە دەخەمڵێنرێ بەخورمای ووشك ئەوەی دەیکرێ بۆ خواردنی خۆی وخێزانی دەکرێ ، لەبەر پێویستی رێگەی پێدراوە.

(عن زَيْدِ بن ثَابِتٍ رضي الله عَنْهُمْ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم )  رَخَّصَ في الْعَرَايَا أَنْ تُبَاعَ بِخَرْصِهَا كَيْلًا).{ رواه البخاري (٢١٩٢) و مسلم (١٥٣٠)} واتە: زەید کوری سابیت (رەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) رێگەی دا خورمای تەرو تازە بفرۆشرێت بەخەمڵاندنی بە ئەندازەی خورمای ووشك.

**هەشتەم:** دروستە ئاژەڵێك بفرۆشرێت بەدوو یان زیاتر لەوێنەی خۆی:

(عن عبد اللَّهِ بن عَمْرٍو أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) أَمَرَهُ أَنْ يُجَهِّزَ جَيْشًا فَنَفِدَتْ الْإِبِلُ فَأَمَرَهُ أَنْ يَأْخُذَ في قِلَاصِ الصَّدَقَةِ فَكَانَ يَأْخُذُ الْبَعِيرَ بِالْبَعِيرَيْنِ إلى إِبِلِ الصَّدَقَةِ).{ رواه ابو داود (٣٣٥٧) وهو حديث حسن } واتە: عەبدوڵلای کوری عەمر (رەزای خوای لێ بی)دەڵێ: (پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی پێکرد لەشکرییەك ئامادە بکات، ووشتر تەواو بوو ئەنجا فەرمانی پێکرد کە لەبەچکە وشترەکانی زەکات بدات جا ووشترێکی وەردەگرت بەدوو بەچکە ووشتری زەکات.

**نۆیەم:** کرین وفرۆشتنی عینە دروست نییە:

کرین وفرۆشتنی عینە: ئەوەیە فرۆشیار کەلوپەلێك دەفرۆشێت بەقەرز بەکەسێك بەنرخێك پاشان لێی دەکرێتەوە بەپارەی حازر بەنرخێکی کەمتر لەونرخەی پێی فرۆشتووە.

(عن ابن عُمَرَ قال سمعت رَسُولَ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) يقول إذا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ وَتَرَكْتُمْ الْجِهَادَ سَلَّطَ الله عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حتى تَرْجِعُوا إلى دِينِكُمْ).{ رواه ابو داود (٣٤٦٢) وهو حديث حسن} واته: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: ئەگەر کرین وفرۆشتنی عینەتان کرد ودەستتان گرت بەکلکی مانگاوە وئاژەڵداریتان کرد ورازی بوون بەکشتوکاڵ کردن ووازتان لەخەبات وتیکۆشان هێنا خوا سەرشۆڕی وزەلیلییەکتان بەسەردا دێنێ لاینابات لەسەرتان هەتا نەگەڕێنەوە بۆ ئایینەکەتان.

تا بەیەك گەیشتنەوەیەکی تر ولەبابەتیکی تری نوێدا بەخوای گەورە ومیهرەبانتان دەسپێرم و پەروەردگار یارو یاوەرتان بێت وخواتان لەگەڵ .